# حکومەتەبێ کارەباکەی پارتی و یەکێتی، حکومەت نی یە، سەرمایەی ژێرچنگیان دەربهێنن، کوردستان ڕووناک بکەنەوە ... سامان ئەحمەد



لە ڕاپەڕینی 1991 وە دەسەلات و سەرمایەی کوردستان کەوتە ژێر چنگی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردەوە هەتا ئەمرۆ کوردستان بووە یەکێك لەو ناوچانەی جیهان کە تا ئەمرۆ کارەبای نەبووە. و لە تاریکیدا دا ڕاگیراوە.
ئەم دیاردەیە ئەوە دەسەلمێنێت کە حزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان کە نەك تەنها ناتوانن دەولەت و حکومەت دامەزرێنن وتوانای بەڕێوەبردنی کۆمەلگایان نی یە بەلکو هەتا ئەمرۆ سەرمایە و داهات و پارەو پوولی کوردستانیان تالان و بڕۆ کردووە و ئامادە نەبوون بیخەنە خزمەتی خەلکی کوردستانەوە.
هەر حزب و لایەن و دەسەلات و حکومەتێك لە دنیای ئەمرۆدا ئیدیعای بەڕێوەبردنی کۆمەلگا بکات لانی کەم دەبێ ئەوە لە خۆی نیشان بدات کەگرنگترین خزمەتگوزاریە مەدەنیەکانی ئەم سەردەمە دابین بکات هەر لە کارەبا.. ئاو.. ڕێگاوبان.. پۆست.. گەیاندن.. خانوو.. هتد. ئەمانە گرنگترین پێکهاتەی ژیانی هاوچەرخی ئەم سەردەمە و ئامرازی سیستەمێکی مەدەنین بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەل مەگەر کۆمەلگا بکەوێتە ژێر دەستی تاقمیکی تالانچی وەکو ناسیۆنالیستی کورد و تاقمێکی کۆنەپەرستی وەکو تالیبانەوە.
بەداخەوە دوای ڕاپەڕینی 1991 ئەوەی لە کوردستان ڕوویدا دەسەلات و سەرمایەی کوردستان کەوتە ژێرچنگی ئەحزابی کۆنەپەرست و عەشیرەتی ناسیۆنالیستی کوردەوە و بزووتنەوەی چەپ و شورایی کوردستان نەیتوانی دەسەلات بگرێتە دەست.
دەسەلاتێك کە هاتە کایەوە لە کوردستان هەر لە سەرەتاوە حزب و لایەنەکانی لەسەر دابەشکردنی ناوچەکانی دەسەلات ونفوز و تالانی و دزینی داهاتی گومرگەکانی کوردستان کەوتنە بەرامبەرکێ و شەڕی ناوخۆوە لەگەل یەکتر. بێگومان حزب و بزووتنەوە و دەسەلاتێکی لەم چەشنە ناتوانێ بیر لە خزمەتگوزاری خەلکی بکاتەوە و کۆمەلکایەکی ڕۆتین و مەدەنی ببات بەڕێوە. !
بە کورتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد دەسەلاتی بۆ بۆ گۆڕینی کۆمەلگای کوردستان و خزمەتکردنی خەلکی کوردستان پێویست نەبوو. بەلکو بۆ سەپاندنی دەسەلاتی تاکە حزبی و تالان و بڕۆکردنی سامانو لووشدانی سەرمایەکەی بوو.
بزووتنەوەیەك ئەمە عەقلیەت و بەرنامەی بێت بێت بێگومان دەسەلات و ئیدارەیەکی تاسەر مۆخ گەندەل بەرهەم دەهێنێت. بە گالتە نیە سەرکردەو بەرپرسەکانی ئەم دوو حزبە دەسەلاتدارەی کوردستان بوونەتە سەرمایەداری گەورە. لە ڕاستیدا دووا بە فلسی سەرمایەو پارەو پولی ئەم دوو حزبە و سەرکردەو مەسئولەکانیان دەبوایە سەرمایەو پارەو پولی دابینکردنی خزمەتگوزاریە مەدەنی و کۆمەلایەتیەکان چەشنی کارەبا... بووایە. نەك هی ئەوان. هەربۆیە دوابەفلسی پارەی حزبەکانیان و مەسئولەکانیان هی کۆمەلگاو خەلکە و بە زۆری دەسەلات و میلیشیا چنگیان کەوتووە. ئەگەر ڕۆژێك خەلکی کوردستان دەستی لە دەسەلات گیر ببێت پێویستە حەق و حسابیان لەگەل بکات ئەو پارە و پولانەیان بگێڕنەوە بۆ خەلك.
نەبوونی کارەبای کوردستان ئاکامی ئەوە بوو ئەم حزبانە چنگیان بەسەر دەسەلات وسەرمایەی و داهاتی کوردستاندا گرت ئەو سەرمایەو داهاتەیان لە ماوەی ١٥ سالی ڕابردوودا خستوویانە گیرفانی

حزب و سەرکردەو مەسئولەکانیانەوە ئامادە نەبوون بیخەنە خزمەت کۆمەڵگاوە. ئەوان ئەم تاوانەیان لەڕێگای دەسەڵاتی میلیشیایی حزبەکانیانەوە ئەنجام داوە. دەسەڵاتێکی گەندەڵی لەم چەشنە ناتوانێ خزمەتگوزاریە مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکانی وەکو کارەبا ئاو.. خانوو.. هاتوچۆ. پۆست و گەیاندن و گواستنەوە.. بۆ خەڵکی کوردستان دابین بکات مەگەر لە ژێر فشاری جەماوەری ناڕازی و یەکگرتووی کوردستاندا نەبێت.

خەڵکی کوردستان دەتوانن کۆتایی بەم هەلومەرجە لەوانەش نەبوونی کارەبا بهێنن. کۆبوونەوەی خەڵك لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان لە دەوری یەکتر و پێکهێنانی ڕێکخراوەی جەماوەری فراوانەکان دەتوانێ، نارەزایەتی جەماوەری کوردستان لە ئاستی سەراسەریدا یەکگرتوو بکات و هاوکات بەرنامەو پرۆژەی تایبەت بۆ دابینکردنی کارەبا بەدەستەوە بگرن و سەرمایە و بودجەی ئەو بەرنامەو پرۆژانە لە ژێر چنگی دەسەلاتداران دەربهێنن.

ئەمڕۆ خەبات بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریە مەدەنی و کۆمەلایەتیەکان ڕاستەوخۆ ڕووی لە پیچانەوەی کورسی دەسەڵاتدارانی کوردستان و سەندنەوەی سەرمایەو داهاتی کوردستانە لە حزب و سەرکردەو ڕابەرانی حزبدەسەڵاتدارەکانی کوردستان. خەڵکی کوردستان دەسەلاتێکیان ناوێت کە سەرمایەی وولاتەکەیان چنگ بەسەردابگرێت و تالانی بکات و ئامادە نەبێ دەست بەجێ بیخاتە خزمەتگوزاری ئینسانیەکان و خەڵکی کوردستانەوە.

سامان ئەحمەد
٢٠٠٤-٧-٨